# راگەیاندنی دامەزراندنی تۆڕی ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران

لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، کۆبونەوەی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و وەزارەت تایبەت بە دروستکردنی تۆڕی ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران دەستی بەکارەکانی کرد، کۆبونەوەکە دوای گفتوگۆی زۆری ئامادەبوان لەسەر ئالیەت و میکانیزمی کارکردن، دامەزراندنی ئەم تۆڕە ڕادەگەیەنێت.

لە پێناو بەجیهانیکردنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران ئەمڕۆ 2007/5/29 لەهەولێر دامەزراندنی ( تۆڕی ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران ) ڕادەگەیەنین، ئەم تۆڕە بەئەندامێتی 30 ڕێکخراوی ناحکومی( NGO ) نێوخۆیی و نێودەوڵەتی و، کۆمەڵێك کەسایەتی لەسەر ئاستی تاك، بە پاڵپشتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دامەزراندنی خۆی ڕادەگەیەنێت.
کۆبونەوەکە لیژنەیەکی ئامادەکاری حەوت کەسی لەنوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئامادەبوو بۆ ئامادەکردنی پەیڕەوی نێوخۆیی و ناولێنانی ئەم تۆڕە یان کەمپینە لەماوەی یەك مانگدا، پێکهێنا، دوای ئامادەکردنی پەیڕەوی نێوخۆیی و دروشم و پلانی خۆی، تۆڕەکە بەرەسمی دەسبەکاربونی خۆی ڕادەگەیەنێت.
ئەم تۆڕە لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ بەجیهانی کردنی ئەم پرسە، کۆمەڵێك کاروچالاکی تایبەتی ئاشتیانە و مەدەنیانە، لەڕێگەی کەناڵی جیاوازەوە سازدەدات و، کارکردنی ئەندامانی تۆڕ و لیژنەکانیشی کارکردنێکی خۆبەخشانەی بێ مەبەست دەبێت، بۆیە لە پێناو بەرفراوانکردنی ئەم تۆڕە لیژنەی ئامادەکاری داوا لەسەرجەم ڕێکخراو و ئەو کەس و لایەنانە دەکات، کەلە پێناو مافی مرۆڤ و پرسەکانیدا کاردەکەن ببنە ئەندام و داکۆکیکار لەم تۆڕەدا.

**ناوی ڕێکخراوەکانی ئەندام لەم تۆڕەدا**

1- کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان ( KRA ).
2- ڕێکخراوی چاودێری ژنی کورد لەبەریتانیا.
3- پرۆگرامی IREX ی ئەمەریکی..
4- ڕێکخراوی دەریا لەدهۆك.
5- سەنتەری توێژینەوەی ئەنفال.
6- ڕێکخراوی دەنگی پیرانVOP.
7- ر.ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال.
8- سەنتەری ئەنفال.

9- ر. چاودێری پەراوێزکەوتوەکان.

10- ڕێکخراوی شەهید ئارام.

11- ڕێکخراوی پاوPAO.

12- ر.تواناسازی لاوان.

13- ڕێکخراوی روناهی.

14- ناوەندی ئاینده بۆ پرسەکانی گەنج.

15- ر.ئەنفالەکانی کوردستان.

16-یونامیHRO.

17- بنکەی رۆشنبیری نالی.

18- فیدراسیۆنی رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکان.

19- ماڵی روناکبیری سەلام.

20- کۆمەڵەی گۆڕی بەکۆمەڵ.

21- ناوەندی چاك( تەنها لەسەر ئاستی نێوخۆیی ).

22- سەنتەری رۆشنبیری بلێ.

23- پە یمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان.

24-کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی لەهەڵە بجە .

25- ر.ڤەژین بۆ ئافرەتە بەجێماوەکانی ئەنفالی بارزانیەکان.

26- سەنتەری رەوەندی کورد لەئەورو پا.

27- کۆمەڵەی گولآنی سویدی .

28- سەنتەری روناکبیری لاوان.

29-ڕێکخراوی RKRی نەرویجی.

30- گروپی کوردی لەرێکخراوی دژ بەرەگەزپەرستی( راسیزم ) SOS.

**ناوی ئەندامانی تۆر لەسەر ئاستی تاك**

| | |
|---|---|
| 1- چنار سعد عبدالله | مامۆستای زانکۆ |
| 2- لەتیف فاتح فەرەج | نوسەر و رۆژنامەنوس |
| 3- عمر محمد | سەرنوسەری ئەنفالستان |
| 4- حسین گەرمیانی | نوێنەری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان |

5- عطا حسين نوێنەری ئەنفالکراوەکانی قەرەداغ

6- ڕێکار مزوری نوسەر و ڕۆژنامەنوس

7- هەڤاڵ ڕەحمان ئابووری ناس

8- گۆران شێخ مستەفا ڕۆژنامەنوس

9 - نامق هەورامی شاعیر و ڕۆژنامەنوس

**لیژنەی ئامادەکاری تۆڕی ناساندتی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران**

2007/5/29

**هەولێر**